کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 22:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دیدی یەک پارچەیی خاکی ئێراق و یەک دەوڵەتی سەرتاسەری مانای پێشێلکردنی مافی پێکهاتە جیاوەزەکانە... ! ... کامەران عەزیز

(کیشە لەوەدا نی‌یە جیاوازی مرۆڤەکان زۆرن یان کەمن، کێشە ئەوەیە کە نەتوانرێت مافەکانیان بسەلمێنرێت.. بدرێت.. قبوڵ بکرێت.. !)

گەر لە ڕووی مێژوویەوە بگەڕێینەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێراق بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کۆمەڵگایە خاوەنی چەند پێکهاتەیەکی جیاوازی نەتەوەیی و ئیتنی سەرەکی‌یە و هەر پێکهاتەش لە جێ ژینگەو شوێنی جوگرافی خۆیدا بەردەوامی بەژیان ومانەوەو پاراستنی نەسڵی سروشتی خۆی داوە. وە ئەم پێکهاتانە لە هەر سات و سەردەمێکدا ململانێی شوێنی جوگرافی و کولتورو فەرهەنگ و زمان و مافی میللی و ئایینی خۆیان کردوە و قوربانیان بۆ داوە و تایبەتمەندی پێکهاتەی خۆیان بە سەر ڕژێمە سەرتاسەری و دیکتاتۆرەکاندا سەپاندوە.

وە ڕژێمە شمولیە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق کە لە سەربنەمای مافی یەکسانی و گشتی پێکهاتەکان و شۆڕش و ڕاپەڕینی خۆڕسکی کۆمەڵگای ئێراق نەهاتونەتە بون، وە بە دوور لە خواستی خەڵکی ئێراق و لە ناکاو و لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازی و بە دەستی سیاسەتی دەوڵەتانی کۆڵۆنیالی هاتونەتە سەر حوکم و دەستەڵاتیان گرتۆتە دەست و دەوڵەت و ڕژێمێکی سەرتاسەری و تاک ڕەهەندی و تاک سەرۆکی بە پێشێل کردنی مافی پێکهاتەکانی دی ئێراق پێکهێناوە. بۆیە دەتوانین بڵێین دەوڵەتی سەرتاسەری ئێراق، یەک پارچەیی خاکی ئێراق و یەک پەرچەمی یەک ئیداری و یەک دەستەڵاتی ئێراق دووربینیەکی باش بوە بۆ داگیرکاران و کۆڵۆنۆنیالیەکانی ئەوسای ئێراق، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو جۆرە ڕژێمەوە بە ئاسانی کۆنتڕۆلی تەواوی ئەو وڵاتە بکەن، تا کار و بار و بەرخوردیان تەنها لە گەڵ یەک دەستەڵات و حوکومەتدا یەکلا بکەنەوە، تا بە زۆری بەرژەوەندی‌یە ئابوری و سیاسی‌یەکانیان بگەن. واتە دروست بونی ڕژێمە سەرتاسەریەکانی ئێراق نەک نەیتوانیوە مافی پێکهاتەکان بە دەست بهێنێت و مسۆگەر بکات بەڵکو وەسیلەیەکی هێریش بەریش بون بۆ لێ سەندنەوەو بێبەش کردنی پیکهاتەکان لە هەموو مافێکی ئابوری و سیاسی و میللی و فەرهەنگی خۆیان تا ئاستی جینۆسایدو پاکتاو کردن و سڕینەوە. کە هەر ئێستا دەوڵەتی ئێران و تورکیا و سوریا و ڕێکخراوە ئیسلامی و فاشیەکانی ئێراق نمونەیەکی زیندوون.

گەر ئێمە زیاتر لە تاک دەستەڵات و تاک حیزبی ڕژێمی دڕندەی سەربازی بەعس دەست پێ بکەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لە سایەی ئەم ڕژێمەدا هیچ ڕەهەندێکی تری فکر و بزاڤی سیاسی دی نەی دەتوانی بە ئاشکرا و بە قانونی چالاکی بکات و خۆی بە کۆمەڵگا بناسێنێت، دەرگای لە هەموو بیرکردنەوەیەکی تاک و کۆی تری جیاوازی کۆمەڵگای عێراق داخستبو، وە بە دیکتاتۆری خۆی توانێبوی هەموو بزوتنەوەو و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئێراق بە تاکە فکرو تاکە سیاسەت و تاکە سەرۆک و تاکە بەرنامەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی خۆی یەک ڕەنگ بکات و دا ببۆشێت. وە توانیبوی هەموو مافە تایبەتی و گشتیەکان لە پێکهاتە جیاواز و نەگونجاو بە دەستەڵاتی، زەوت بکات.

وە هیچ میللەتێکی تر نەک هەر بۆی نەبو باسی مافی جیایی و میللی و نەتەوەیی و دەستەڵاتی سەربەخۆی خۆی بکا، بەڵکو بەرنامەی داهاتوی پێش مەرگی ئەوە بوو کە میللەتی جیاوازی دژی دەستەڵات لە ئێراقدا بە تەواوی پاکتاو بکات و بسڕێتەوە، بە تایبەت کورد جونکە کورد لە هەموو ڕویەکەوە نامۆ بوو لەو دەوڵەتە.

ئەم شێوازە شمولیەی بەعس ئێراقی کردە زیندانێکی گەورە بۆ پێکهاتەکانی کە دەبوایە هەموو بۆ شکاندنی دەرگای ئەو زیندانە دەستیان لە نێو دەستی یەکدا بوایە (تا دەرەوەی زیندانەکە)، وە بە خواست و داوای مافی تایبەتی خۆیانەوە. وە ئەم جۆرەی حوکم بوە هۆی دروست بونی بێزاری و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نارەزایەتی پێکهاتە بێ بەشەکانی ئیراق، لەهەناوی ئەم نەزم و نیزامەدا چەندەها گروپ و ڕێکخراو و حیزبی جیاوازی وەک خۆی توندو ڕەق هێنایە بون و دەستیان بۆ چەک و جەنگ برد، دژی ئەم ڕژێمە تێکۆشان و خەباتیان کرد و خوێنیان ڕشت و قوربانیان دا، بە کورد و عەرەبەوە بە ئەفکارە جیاوازەکانەوە بەکۆمۆنیست و ئیسلامیەوە، هەریەکەشیان بە مەهامی جیای خۆیانەوە، بۆ نمونە عەرەبەکانی شیعە بۆ شیعەیی خۆیان، وە ڕێکخراوە ئیسلامی‌یەکانی تریش لە چەشنی ئیخوان و وەهابیەکان و توندڕەوەکان بۆ دەستەڵاتی ئایینی خۆیان و بە ئایین کردنی ئێراق تێدەکۆشان، نەک بۆ کێشەی کورد، وە بزتنەوەی میللی کوردیش بۆ ڕزگاربون لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و جیابونەوەو ڕزگاربونیان لە یەک پارچەیی خاکی ئێراق خەباتیان دەکرد، مەبەست بزوتنەوەو نارەزایەتی و قوربانی خەڵکی بێ بەش و سەربەخۆی کوردوستانە نەک (حیزبەکانی کوردوستان، چونکە ئەوانیش بۆ مەهامی تایبەتی و دەستەڵاتی تایبەتی خۆیان تێکۆشان کە دەستەڵاتی نا عادیلانەی ئەمرۆیان بەڵگەیەکی زیندوو و ڕۆشنە) .

بە ڕوخاندنی ئەم ڕژیمە لەلایەن هێزی هاوپەیمانانی ئەمەریکا بە ئیستیفادە کردن لە بەرەی سەر بە هاوپەیمانان و نارازی جەماوەر، هەمووڕەنگە جیاوازەکان و ڕەهەندە جیاوازە فکری و سیاسی و مەزهەبی و میللی‌یەکان دەرکەوتن و هاتنە بۆشایی مەیدانی دەستەڵاتی پێشو و نمایشی سیاسی خۆیان دەست پێکرد، یەک بون و هاوکاری و شەڕ و ئاشتی لە نێوانی ئەم پێکهاتە سیاسیەنەدا دروست بوو، سنورە جوگرافی‌یەکانیش لە نێوانیاندا جێگیر بو وە دەستەڵاتی جیایی خۆیان تێدا دامەزراند. کەسنوری جوگرافی عەرەب و کورد کە لە مێژەوە دوو ناوچەی جوگرافی سەرەکی جودا بون، کە جیایی.. نەتەوەیی.. مەزهەبی.. زمان.. کولتور.. بنەمای گرنگی ئەم دوو سنورە جۆگفرافیا مێژوییە جیاوازە بون بە زەقی دهردەکوەێت.

کە ئێستا لە ژێر سایەی دوو ئێدارەی حیزبی_ سیاسی میلیشیایی جیاواز دوو دەستەڵاتی جیاواز دەژین بەبێ ئاوێزان بون و تێکەڵ بونی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دینی، کە ئەم دوو ناوچە جوگرافیایە هیچ هاو بەشیەک لە نێوانیاندا نەبوە بێجگە لە یەک دەستەڵاتی سیاسی، یەک هێزی سەربازی، یەک قائیدی سەرکوتکەر و یەک دەوڵەتی سەپاوی هاوبەش.

بە کۆتایی هاتنی ئەم ڕژێمە هار و پاوان خواز و تاک دەستەڵاتەی بەعس و سەدام، ئەو دیوارو چوارچێوە ترسناک و سەپاوە کە سەرتاسەری ئێراقی داگرتبو ڕما و لەم هەل ومەرجە کراوەدا، میللەت و پێکهاتە جیاوزەکان ئیمکانی گەڕانەوەیان بۆ مافە مێژوویی و سروشتیی‌یەکانیان پەیداکرد و تا بە تەواوی ڕزگاریان ببێت و بە ئارامی ژیان بکەن.

بەڵام فکر و سیاسەتی شمولی و موتڵەقی حیزبە ئیسلامی و فاشیەکانی عەرەب و عەقڵی کورت و تەماعخوازی سەرکردەی حیزبە کوردیەکان بونە کۆسپ لە سەر دروستبونی جیایی و سەربەخۆیی پێکهاتە سەرەکیەکان، جارێکی تریش بە ناوی دیموکراتی و پەرلەمانەوە بۆئێراق و بە ناوی وەحدەی ئێراقەوە نەیانهێشت پێکهاتەکان بە مافی مێژوویی خۆیان بگەن! وە جارێکی تریش دەیانەوێت ئەم وڵاتە یەک ڕەنگ و یەک پارچە بکەنەوە یەک دەستەڵاتی شمولی و سەرتاسەری تێدا پێکبهێنن، کە مافی هەموو پێکهاتە جیاوەزەکان بکەنە قوربانی پاراستنی تاکە مافی ناوەندی (مرکز) ئێراق و ناوەندی ئێراق بە پێی سروشتی پێکهاتن و چۆنیەتی و چەندیەتی پێکهاتنی، مافی پێکهاتەکانی تری نیو ئێراق چاو لێ بکەن و بپارێزن، هەر وەک ئەمرۆ دەبینن کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی ئێراقدا کە نەک هەر ناوی کورد و کوردوستان بە سەر زاریاندا نایەت، کاریش بۆ ئەوە دەکەن کە کورد لە مافە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەتەوەییەکانی دوور بخەنەوەو جارێکی تریش بە پاشکۆیی بیهێڵنەوە و بیگەڕێننەوە بۆ ژێر پەرچەمی سەرتاسەری ڕەشی ئێراق.

ئێستا وشەی ئێراق، کۆمەڵگای ئێراق، خاکی ئێراق، دەوڵەتی ئێراق، دەستەڵات لە ئێراق، لە ژێر پرسیاردایە؟ خەریکە دابەش بونەکانی جێگیر ببێت و ئێراق بگەڕێتەوە بۆ سروشتی پێکهاتەی خۆی گەرهێزە شمولیەخوازەکان و دیکتاتۆرەکان و وڵاتانی دەرەوە و دراوسێکانی واز بهێنن.

لە ئێستاشدا گەر ڕاپرسی گشتی بکرێت هیچ پێکهاتەیەکیان نایەنوێت تێکەڵ بە یەک بن... ! گەر هەر هێزێک لە ئێستادا بیەوێت ئەم پێکهاتانە بکاتە یەک و حوکومەت و دەستەڵاتی هاوبەشیان بۆ دروست بکات، یان هەر هێزێک مافی جیایی و سەربەخۆیی بۆ هەر پێکهاتەیەک نەسەلمێنێت ئەوا دەبێت ڕێگای سەرکوت و دیکتاتۆری و سڕینەوە بگرێتە بەر، پەنا بردنیش بۆ ئەم ڕێگایە مانای دروست بونی شەڕ و جەنگ (شەڕ و جەنگی ناوخۆیی نا) بەڵکو شەڕی بێ ماف کردن و بە دەستهێنانی ماف و سەلماندنی مافی جیایی.

کەواتە بۆ ئەوەی شەڕ و کێشە لە نێو پێکهاتەکان کۆتا بکرێت و ئارامی بێتە بون دەبێت مافە جوگرافی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگیەکان بۆ پێکهاتەکان بگەڕینرێتەوە و لە ئێستادا دیدو بڕوای یەک دەوڵەتی سەرتاسەری و یەک پارچەیی و یکگرویی خاکی ئێراق لە بیر بکرێت و هەڵبوەشێنرێتەوە.. !

24. 07. 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.